Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080303

# ڕۆڵی زمان لەبواری پەروەردەدا

**ئەیوب رەشید حوسێن**

**بەشی زمانی کوردی ، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیەبەناونیشانی (ڕۆڵی زمان لەبواری پەروەردەدا)یە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕۆڵی زمان لە لەپرۆسەی پەروەردەی کۆن و نویَ بخرێتەڕو، بواری پەروەردەش زمان دەکات بەبەشێکی گرنگ لە خستنەڕوی پێکهاتەو جۆرەکانی پەروەردە لەدەربڕین و مامەڵەکردن و پرۆسە پەروەردەییەکان،لەپرۆسەی پەروەردەی کۆن و نویَ زمان هۆکاری گەیەنەری پەیامی پەروەردە بووە،بووەتە بەشێکی گرنگی ئاڕاستە پەروەردەییەکان.پەروەردە وەکو بنەمایەکی گرنگ و سەرەکی ڕۆڵی باڵای لەگەشەپێدان و دەرخستنی توانا زمانییەکان و گەیاندنی بەخوێنەر دەبینێت،بەمەش پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە، لەگەیاندنی تەواوی زانیارییە مەعریفییەکان و پرۆسە فێرکارییە زمانیی و پەروەردەییەکان ئاشکرادەبێت. زمان ڕۆڵی لەگشت بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا هەیە و بوونی وەکو دانەیەکی گرنگ و هۆکارێکی سەرەکی لەپرۆسە پەروەردەییەکاندا جێکەوتەی گرنگی هەیە.

*Article Info*

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

*Keywords*

زمان ، پەروەردە ، پەروەردەی کۆن ، پەروەردەی نویَ.

*Corresponding Author*

[illegible]

## پێشەکی

**1.0)ناونیشانی توێژینەوە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییەلە: (ڕۆڵی زمان لەبواری پەروەردە)دا، هەوڵێکە بۆناساندن و دیاریکردنی ڕۆڵ و گرنگی زمان لەبواری پەروەردەدا .

**2.0) ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی سایکرۆنیك (هەمانکاتیی) گیراوەتەبەر، واتە بەپشت بەستن بەم ڕێبازە، هەوڵدراوە، ڕۆڵ و پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە نیشانبدرێت.

**3.0 ) سنووری توێژینەوەکە:**

بریتییە لە: (زمانی کوردی . دیالێکتی کوردی ناوەڕاست)، لەچوارچێوەی ئەم دیالێکتە، هەوڵدراوە پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە بخرێتە ڕو.

**4.0) گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی توێژینەوەکە لەوە دایە، کە زمان چ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەگواستنەوەی بیرو زانیارییەکان لەبواری پەروەردەدا.

**5.0 ) ئامانجی توێژینەوەکە :**

ئایا چ پەیوەندییەک لەنێوان زمان و پەروەردەدا هەیە؟ ڕۆڵی زمان و پەروەردە چییە لە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەی کۆن و نویدا؟

**6.0 ) هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

بەپێویست زانینی ئەم بابەتەیە، ئەوەی ئێمە هەستمان پێکردبێت، لەنێو کتێبخانە کوردییەکان، ئەم بابەتە کەمتر لەو گرنگییەی، کەهەیەتی لێی دواون و لێکۆڵینەوەیان لەبارەیەوە کردوە.

**7.0) ناوەڕۆك و پلانی توێژینەوەکە :**

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکیەك وسێ بەش پێکدێت، لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان:

لەبەشی یەکەمدا (زمان و بەکارهێنانی زمان) خراوەتەڕو، کە تیایدا باسی زمان کراوە.

بەشی دووەم بەسەر سێ تەوەردا دابەشکراوە، ئەوانیش بریتین لە:

تەوەرەی یەکەم: زمان وپەروەردە.

تەوەرەی دووەم: چەمك و پێناسەی زمانی پەروەردەیی.

تەوەرەی سێیەم: بوارەکانی زمانی پەروەردەیی.

لە بەشی سێیەمدا، تیشك خراوەتە سەر،(ڕۆڵ وگرنگی زمان لەبواری پەروەردە)دا .

**بەشی یەکەم :**

**زمان وبەکارهێنانی زمان:**

**1.1) زمان :**

پێناسەی زمان کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی زمان لە زۆر ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە سەیردەکرێت ، هەربەکە لەچوارچێوەی بابەتەکەی خۆیەوە لێی دەکۆڵێتەوە، بۆیە ناشێت، هیچ پێناسەیەکی زمان وەك یەك بێت، لە لایەن زانایانیشەوە ئەم پێناسانە بۆ زمان کراوە: ((مارتنیت زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، دەکرێت بەچەند دانەیەکی وردەوە (فۆنیم)، کە هەریەکەیان خاوەنی واتاو فۆڕمن، چۆمسکی دەڵێت: زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات، ساپیر دەڵێت: زمان هۆیەکی ناغەریزیە، تایبەتە بەمرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی ڕەمزەوە لەسەرباسا ڕۆیشتووە و کاردەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە،بارك و تراکەر دەڵێن: زمان بریتییە لەچەند ڕەمزێکی لەخۆوە ،کە بەهۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێ هەرەوەزی بکات،کارۆل دەڵێت: زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە، دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ لەیەکترگەیشتن و پۆلێنکردنی شت و ڕووداوەکانی دەروبەر))(محمد معروف فتاح، 2011، ل11).هوڵ (Hall) دەڵێت: ((زمان جۆرە ڕەفتارێکی کۆمەڵێکە، تاکەکانی ئەو کۆمەڵە بەمەبەستی پەیوەندیکردن و تێکەڵبوونیان (تفاعل) لەگەڵ یەکتردا بەکاریدێنن، بەهێمای زارەکی و بیستنی هەڵبژێردراو _ وەك کردارێکی ڕەفتاری_ ئەنجامی دەدەن)) (تاڵیب حوسێن عەلی، 2014، ل197).

، ابن جنی[1] دەڵێت:((زمان کۆمەڵە دەنگێکە، کە هەموو نەتەوەیەك پێداویستیەکانی خۆیانیان پێ دەردەبڕن ))(ابوالفتح عثمان بن جنی الموصلی، 1985، ل34)، نەتەوە بەبێ زمان بوونی نییە، هەموو نەتەوەیەك بە دەربڕینی کۆمەڵێك دەنگ وشە و ڕستە دروست دەکەن و یەکتر لە مەبەستی خۆیان دەگەیەنن، ((زمان ئەو ڕێگەیەیە، کەبەهۆیەوە بیرو بۆچوونمان و هەستمان بەکەسانی تر ڕادەگەیەنین)) (سمیع ابومغلی، 2008،ل8).((زمان ئەوسیستەمەیە، تاکەکانی

[1] _ ابن جنی: یەکێکە لەپێشەواکانی زمانی عەرەبی ،ناوی ابوالفتح کوڕی عثمان، لەساڵی 934ی کۆچی لەشاری موصل لەدایك بوە،کۆمەڵێك نوسراوی دەربارەی زمان هەیە،لەساڵی 1002ی زاینی لەبەغدا کۆچی دوایی کردووە.(ویکیپیدیا_ المکتبة الشاملة)

((مرۆڤ لەڕێگەی بەکارهێنانی هێماکانی زمانەوە  توانای ئەوەی هەیە، کە پرۆسەی پەیوەندیکردن لەگەڵ هاورەگەزەکانی خۆیدا، کە سەربەهەمان گروپ و کۆمەڵەی زمانین و لەسنوری ئەو ژینگە زمانییەی تێیدا گەشەی کردووە ئەنجام بدات، زمان لەڕووی چۆنیەتی و چەندیەتییەوە جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ هەموو ئەوسیستەمانەی، کە گیانلەبەرانی دیکە بەمەبەستی  پەیوەندیکردن بەکاریدێنن)) (سەرچاوەی پێشوو،ل 200).

زمان بەردەوام لە گۆڕان و پێشکەوتندایە، بۆیە لە سەردەمی ئێستادا ((زمان لە زانستی زمانی نوێباودا وەك هۆ و ئامێری سەرەکی گفتوگۆوکردن و گەیاندن و لەیەکگەیشتن وپەیوەندیکردن پێناسەکراوە، گەیاندن و تێگەیشتنەکە لەبەرهەمە ئەدەبیەکان))(محمد مەحوی ،2016 ، ل91).

زمان بەهۆی ئەو توانا گرنگ و پڕ بەهایەی هەیەتی، دەکرێت بڵێین، زمان سێ جۆر توانینی بەیەك بەستراو ئەنوێنێ:

1. توانینی دەربڕین: کەئەندامانی ئاخاوتن دەگرێتەوە، کە بەهۆیانەوە  ڕیزە دەنگ دروست دەکرێ و واتاکانیان تێکهەڵکێش دەکرێت و بەهۆیانەوە بۆ گوێگر دەگوازرێتەوە.
2. توانینی وەرگرتن: کە ئەندامەکانی گوێ و بیستن دەگرێتەوە.
3. توانینی شیکردنەوەو تێگەیشتن و پاراستن: فسیۆلۆجیەت ومیکانیزمییەتی مێشك دەگرێتەوە))(وریا عمرئەمین، 2004 ، ل176 ).

((سوسێر زمان بەوە دەناسێنێت سیستەمەو بەدیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی هاوبەشی دادەنێت، تاکەکانی کۆمەڵیش ئەو یاسایانەی لەو سیستەمەدا هەن بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەکاریدەهێنن ))(تاڵیب حوسێن علی ،2008، ل69). ((زمان هۆکارێکە بۆدەربڕینی هەست و نەستی مرۆڤ، مرۆڤ بەهۆی زمانەوە گوزارشت لەو پەیوەندی و کارلێکانە دەکات، کەلەگەڵ ژینگەو دەوروبەردا هەیەتی، چونکە هیچ کۆمەڵگەیەك نییە بەبێ بەکارهێنانی زمان و کەرەستەکانی زمان پێداویستیەکانی ژیان دابین بکات و لەیەکتری تێبگەن، هەموو کاروچالاکییەکانی مرۆڤ لەدەربڕینی هەست و نەست و خواستەکانیەوە بەهۆی زمانەوەیە، زمان بەشێوەیەکی بەرچاو تیادا بەشدارە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زمان ڕۆڵێکی بنەرەتی لە ژیانی قسەپێکەرانیدا هەیە، هۆیەکیشە بۆزانین و فێربوون و پەیوەندیکردن)) (عەتارشیدحسەین ،شنۆ محمدمحمود، 2015 ، ل 187). لەڕوانگەی ئەم پێناسانەوە دەتوانین بڵێین: زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن و کردەیەکە بۆ مامەڵە کردن لە نێوان مرۆڤەکاندا و یەکەیەکی گرنگی دابینکردنی پێویستیەکانی مرۆڤە، کە مەبەستەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت. زمان  ئامرازێکە بۆ لەیەکگەیشتن بەکاری دەهێنرێت،    سیستەمێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیکردنە،  هەر لەبەر ئەمەیە، ئەگەر زمان هۆکاری پەیوەندی نێوان تاکەکان وەکو سیستەمێك ڕێك نەخات، ئەوا ئەو سیستەمە زمانییە  لە ڕێگەی زانستی زمان لا دەدات.

**2.1) بەکارهێنانی زمان :**

یەکێك لەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی،  مرۆڤ لە گیانلەبەرانی تر جیادەکاتەوە ئاوەزە، بەوەی توانای بەکارهێنانی زمانی هەیە، چ بەدەربڕین و درکاندن بێت، چ بەنووسین بێت. دەربڕینی هێماکانی زمانیش لای مرۆڤ لەسیستەمێکی ڕێك وتایبەتدا ڕێکخراوە، بەجۆرێکی لەبارو دروست بەکاریدەهێنێت، بۆ ئەوەی پەیوەندی بەدەوروبەری خۆیەوە بکات، واتەمرۆڤ لەڕێگەی بەکارهێنانی هێماکانی زمانەوە، توانای ئەوەی هەیە پرۆسەی پەیوەندیکردن و تێگەیشتن لەگەڵ دەروبەری خۆیدا لەسنوری ئەو ژینگە زمانییەی،   تێیدا گەشەی کردووە  ئەنجامی بدات، ((بەکارهێنانی زمان و بەرجەستەکردنی لەئاخاوتندا، بەیەکێك لەئامانجە گرنگ و سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی پراگماتیکی دادەنرێت، زمان لای هەرتاکێکی کۆمەڵ بووە بە ڕەفتارێکی ڕۆژانە و بەردەوام لە پەیوەندیکردندا، لەگەڵ تاکەکانی دیکەی ناو کۆمەڵ بەکاریدەهینێت، کە بەهۆیەوە بیرو هزرو بۆچوونەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت زمان وەك سیستەمێکی هێمایی مرۆڤ بۆ جێبەجێکردنی ویست و ئارەزووەکانی خۆی بەکاریان دەهێنێ، تاوەکو بەئامانج و مەبەستەکانی خۆی بگات ))(تاڵیب حوسێن علی،2014، ل218). مەبەستە ئاشکراکانی زمان گەیاندنی کردەی پەیوەندیکردن و گرنگی و بەبەهادانانی ئەم پەیوەندیەیە بۆیە: ((بەهای زمان زیاتر لەوە هەڵدەگرێت، کە باسدەکرێت و گرنگی پێدراوە، چونکە زمان وەك ئامرازێکی پەیوەندیکردن زیاتر دەگەیەنێت لەوەی، کە تەنها ئەرکی گواستنەوەی هەواڵێك یان وەسفکردنی کەتوار(واقیع) بێت، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێت ئەو ئەرك و کارانە جێبەجێ بکات، کە بەبێ بوونی زمان جێبەجێکردنیان کارێکی  ئەستەم و ئاسان نەبێت، بەکارهێنانی زمان تەنیا پەیوەست نییە، بە فۆرمی دەرەوەی زمان، بەڵکو دیوی ناوەوەی زمانیش دەگرێتەوە، کە تێیدا واتا و مەبەستەکانی بەکارهێنەری زمانەکەی لێدەکەوێتەوە))(حاجی،2020 ، 3).

زمان پەیوەستە بەبەکارهێنانی ئامرازەکانی گفتوگۆکردن و بەکارهێنانی یاسا و ڕێساکانی زمان، ((زمان ئامێرێکی سەرەکییە، وادەکات مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرو شتە جۆربەجۆرەکانی  ژینگەی خۆیدا بگونجێت، ڕێگەیەکی گفتوگۆیە، کە تیادا وشەو گرێ و دەقەکان بەکاردەهێنرێت، لە ڕێگەی قسەکردن و نووسین و پەیوەندیکردنەوە، کە شێوەیەکی ئاسایی لە بەکارهێنانی زمانەوە وەرگرتووە ))( 2010، usage language ،-chicago press journal ).

زمان لە زانستی زمان وبەکارهێنانی یاساکانی وشەو ڕستەدا بنچینەیەکی گرنگە لەکرداری گەیاندن و پەیوەندیکردندا. ((بەکارهێنانە جیاوازەکانی زمان کاریگەرییان هەیە لەسەر فۆنەتیك و وشەسازی و ڕێزمانی زمانەکە، ئەمەش سەرنجڕاکێشترین خاڵە لە پرۆسەی بەکارهێنانی زماندا،  ئەوە زمانە بەر لە هەڵکەوتەی دەروونی، هەڵکەوتەی ڕۆشنبیری هەیە، زمان لەئاستی کردەی ناوەوەی زارەکیدا جیاوازی دەکات لەنێوان ئەرکی پەیوەندیکردن و بەکارهێناندا)) (محسین ئەحمەد عومەر، ئیبراهیم زیباری، 2013، ل 19).

زمان بەکەرەستەیەکی سەرەکی پەیوەندیکردن دادەنرێت،هەروەها،((بەکارهێنانی زمان لەگەڵ کردەی پەیوەندیکردندا، وەك بازنەیەکی گرێدراو  و بەدوو کردەی تەواوکەری یەکتر دادەنرێن. کردەی پەیوەندیکردن گۆڕینەوە و ئالوگۆڕکردنی زانیاری و بیرو هزرو راستی و هەست و سۆزو وێناکردنە، کە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا  بەهۆی کردەی پەیوەندیکرنەوە ئەنجامدەدرێت، ئامانجی سەرەکی لەکردەی پەیوەندیکردندا ناردن و گەیاندنی پەیامە ،کە لەنێوان دوو کەس، یان زیاتر ئەنجام دەدرێت، واتە ئەو ڕێگەیەیە، کە قسەکەر بەکاری دەهینێت بەمەبەستی گواستنەوەی پەیامەکەی بە گوێگر)) (حاجی عبدولرەحمان حاجی، 2020 ، ل 2).

بەکارهێنانی زمان لای مرۆڤ ڕەفتارێکی ڕۆژانە یە، کە بەردەوام لێکۆڵینەوەی ورد و فراوانی پێویستە، هەموو کردە و ڕەفتارەکان و بیرکردنەوە و پەیوەندیکردنەکان بەهۆی زمانەوە ئەنجامدەدرێت، هەربەهۆی ئەمەشەوە دەتوانێت بۆچوونەکانی خۆی پێدەربڕێت، ((زمان وەك توانست لەمێشکی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، واتە بەکارهێنانی شتێکی ناغەریزییە و پەیوەندی بە کۆمەڵگەو کەلتورو لایەنی ڕۆشنبیرییەوە هەیە. مرۆڤ بەهۆی کردەی ئاخاوتنەوە بیرو بۆچون وهەستەکانی خۆی دەردەبڕێت. بەکارهێنانی زمان تەنیا لایەنی دەرەوەی زمان ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی ناوەوەش دەگرێتەوە، کە پەیوەندی بەواتاو مەبەستەوە هەیە))(سروە فیصل عزیز، 2010 ، ل5).

زمان تەنیا بەیەك جۆر،یاخود یەك مۆدێلەوە سنوردار نییە، چەندین جۆرو نموونە هەیە،(( لەڕواڵەتی بەکارهێنانی گوتار و تووێژدا، کە لایەنەکان تیایدا هاوبەشن، وەك (پەیامنێر و کردەی بەڵینەکان و گفتوگۆی سادەو وتووێژی چڕو ئاڵۆز)، بەکارهێنانی زمان چەندین مۆدێل و نموونەی تر لەخۆدەگرێت، لەوانە: نموونەی مۆدێلی ئەدەبی و رۆمان و چیرۆك، هەروەها ئەو وشانەی لەسەرەتای ئاهەنگ و کۆبونەوەکاندا پێشکەش دەکرێت، دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەئامانجی سوود وەرگرتن و نزیکبوونەوەی خەڵك لەیەکتری، بە ئامانجی بەکارهێنانی زمان هەژماردەکرێت)) (عبدالهادی ظافری الشهری، 2004 : ل 6).

زمان بەشێوەیەکی سەرەتاو ئاشکرا ئاخاوتنەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ لەبەرچاودەگرێت و کردەی پەیوەندی کردن لە نێوان تاك و خێزان و کۆمەڵگە دروستدەکات. لەبەکارهێنانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و کاروباری گشتی و تایبەتیدا پێگە و شێوازێکی دروست نیشان دەدات، ((زمان مەوداو تەکنیکێکی گرنگ لەبواری پەروەردەو بازرگانی و کاری رۆژنامەوانی و قۆناغەکانی خوێندندا گرتۆتەوە، بەشێوەیەك بۆتە داپۆشەری مامەڵەی تەواوی ڕۆژانەی خەڵك لەکاروباری گشتی وتایبەتی وبواری ئاخاوتنی مرۆڤدا، زمان هەمیشە بەشێکی گرنگە لەئایندەی مرۆڤدا بۆ بەکارهێنانی لەدەقە پیرۆزەکان و پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانی و شیکردنەوەی وردو خواستراوەکانی دەربڕین و گفتوگۆکردن و ئاخافتندا))،(coates ,A، william، 1966، ل244). گرنگیدانی زمانناسان بەبەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە زمان و وردبوونەوەیان لەتوانای داهێنەرانەیان لە بەکارهێنانی زماندا دەردەکەوێت، زمان بەو واتایەی توانایەکی تایبەتی هەیە، ڕێگە دەدات پەیوەندی زمانی لەنێوان تاکەکان و کۆمەڵگە هەبێت (جمعة سیدیوسف ، 1990 ، ل56). بۆیە دەکرێت بڵێین ، زمان :

١_ زمان ئاشنابوون وگرنگیدانە بەهونەری پەیوەندیکردن،کە خاوەنی ئەرکی بەکاربردن و گوزارشتکردنە.

٢- زمان لەسیستەمی پەیوەندیکردندا خۆی دەنوێنێت، پەیوەندیکردن لەبازنەی ئاخاوتن وئاڕاستەکردن و هێماو گوزارشتنکردن.

٣_ ڕێکخستنی کردەی تێگەیشتن و نواندنە،لەسەر بنەمای زمانی مرۆیی وئەرکی گەیاندنی بنەرەتی.

**بەشی دووەم :**

**1.2 ) پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە:**

زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لەژیانی رۆژانەدا هەیە، زمان و پەروەردەش دوو یەکەی گرنگ و پێکهاتەی سەرەکی گەیاندنی پەیامی پەروەردەیە،زمان بەتەنیا لەسنووری چەند ئەرکێك قەتیسی نەخواردووە، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر ڕون و ئاشکرا چۆتە ناو بوارە جیاجیاکانی تری زانست، هەر بوارێکیش لەبوارەکانی مەعریفی دەتوانێ زمان بەئامانجە سەرەکییەکەی خۆی بارگاوی بکات، پەروەردەش یەکێکە لەبوارە مەعریفییە ئامانجدارەکان، کە لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ زماندا، بۆیە توانیویەتی لەم چوارچێوەیەدا ئامانجەکانی بپێکێ، چونکە زمان لە پڕۆسەی پەروەردەدا هۆکارێکی گرنگە، بۆیە بەبێ زمان هەمووشتێکی ئەم پڕۆسەیە دەخزێتە نێو بازنەی بەتاڵ، واتە لەپڕۆسەی پەروەردەدا پێویستە زمان بە ئەرکە سەرەکییەکەی، کە بۆی دیاریکراوە لە ئاراستەکردنی تاك و کۆمەڵدا هەڵبستێ، چونکە زمان بەهای کۆمەڵایەتی و بیرەکان دەبەخشێ، کە بەهۆکارێك بۆفێربوونی تاك دادەنرێت)) (ڕوخسار نبی مغدید ،2017، ل43).

پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە لە بەکارهێنانە جیاوازەکاندا لەسنورێکی فراواندا خۆی دەنوێنێت، ((پەروەردە بەپێی بەکارهێنان و ئەو بوارو زانستەی تیادا بەکارهاتووە فۆرمی جیاجیا وەردەگرێت و گۆڕانی بەسەردادێت، پەروەردە وەکو کایەیەکی سەرەکی لەنێو کۆمەڵگەدا بوونی هەیە و زمانەکەی شێوازی تایبەتی دەربڕینی خۆی هەیەو دەبێت خاوەنی چەند سیمایەکی وەها بێت، کە شیاوی ئەرکی پەروەردەیی بێت))(شهاب طیب تاهیر، شێروان حسێن حمد،2013 ، ل3 ).

زمان وەکو کردەیەکی گەیاندن تەواوی دامەزراوە پەروەردەیی و ناوەندە ئەکادیمیەکانی تەنیوە، لەکرداری گەیاندن و فێرکردندا،بۆیە لێرەدا: ((بواری زمان لەپڕۆسەی پەروەردەکردندا زۆر بەرفراوانە، وەك چۆن منداڵ فێری خوێندن و نووسین دەکرێت، لە چوارچێوەی پێکهاتەی تیۆری پەروەردەی زماندا، چەند تیۆرێکی زمانی بەمەبەستی جیاواز بەرەوپێشچوون،کە ناتوانرێت دەستبەرداری لێکۆڵینەوەی زمانەوانیەکان بین، چونکە پێگەی زمان لە دامەزراوەکاندا ، بەتایبەتی لە فێرگەکاندا ،کە مەودایەکی دورو درێژ و بەردەوامی هەبوە، بەمەش مامەڵەکردن لەگەڵ تیۆری فرەیی لەزمانەوانیدا دەکەین، فرەیی لە بەکارهێنانی زمانی دامەزراوە جۆراوجۆرەکان چۆنە ؟، هەر لەماڵی فێرخوازانەوە تاکو فێرگەو تادەگاتە زانیارییەکانی دیکە)) (سادق ئەحمەد عوسمان، 2014، ل72).

زمان جگەلە پەیوەندییە پەروەردەییەکەی، پەروەردەیەکی دەرونی گرتۆتەخۆ لەئاڕاستەکردنی تاکدا، ((زمان هۆکاری پەیوەندی کردنی نێوان تاکەکانە، وەکو زانستیش بابەتێکی فرە ڕەهەندە، زمان بەپێی ئەو بوارو زانستەی تیادا بەکاردێت، بەگوێرەی کات و شوێن دەخرێتە کارو ئاڕاستە دەکرێت و پەیامەکەی پێدەگات، تیادا فۆرمی جیاجیا وەردەگرێت و گۆڕانی بەسەردادێت، بواری پەروەردە وەکو کایەیەکی سەرەکی لەنێو هەرکۆمەڵگایەکدا شێوازی دەرونی خۆی هەیەو دەبێتە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی وەها، کە شیاوی ئەرکی پەروەردەیی بێت، بۆیە دەبێت زمانی پەروەردە هۆکارو پاڵنەری سەرەکی بێت بۆ گەشەکردنی زمانی منداڵ لەهەموو ڕوویەکەوە، چونکە ئەم بوارە هەستیارەو پەیوەستە بەسەرجەم لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە و کاریگەری گەورە بەجێ دەهێڵێ لەسەر تەواوی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا)) (شێروان حسێن حەمەد، 2013 ، ل315 ).

پەروەردە وەکو دەزگایەکی فەرمی بۆتە ئامرازێك بۆ بونیادنانی تاکێك،

کەخۆی دەیەوێت لەچوارچێوەی پێویستییەکانی کۆمەڵگادا، زمانیش بۆتە ئامرازی گەیاندنی ئەم ئامانجانە، بۆیە پێویستە سروشتی زمانی پەروەردەیی سروشتێکی تایبەت و دیاریکراو بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت  بە باشترین شێوە ئامانجە پەروەردەییەکان بۆ تاك  بگوازێتەوە، بەشێوەیەك بێت،کە قوتابی توانای بەکارهێنانی هەبێ، نەك تەنیا بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

**1.1.2 ) زمانی پەروەردەیی (چەمك و پێناسە):**

پەروەردە لە گەیاندندا هاوتەریبی زمان و شێوەی گەیاندنی ئەو زمانەیە کە هەڵگری پەیامی پەروەدەییە، چەمکی "زمانی پەروەردەیی" ئەو زمانەیە کەبۆبەشداریکردن و تێگەیاندنی بەرامبەر بەچەند کۆدێکی زمانی لەپەروەردەدا بەکاردەهێنرێت، دەبێت مامۆستاو فێرخواز زمانێکی هاوبەشیان لەنووسین و خوێندنەوەدا هەبێ، بۆئەوەی بتوانن لەیەکتری تێبگەن، لەم قۆناغەدا توانایەکی گونجاو بۆ دروستکردنی توانستێکی گونجاو گرنگە، دەبێت بابەتەکان ناوەڕۆکێکی ئەکادیمی و زانستی و پەروەردەییان هەبێت، زانست و زانیاری ببەخشێت، بۆ ئەمەش ژینگەیەکی لەبار بۆ تێگەیاندن پێویستە، کە گرینگترینیان زمانە لەگەڵ هۆیەکانی تێگەیاندن وەك: (وێنەو فیلم و تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەرو داتاشۆ.....تاد)، فێربوون لە ژیانی هەرتاکێکدا پرۆسەیەکی گرنگە، بەڵام لەو گرنگتر بیرهاتنەوە و رەفتارو چالاکی کردنە بەو زمانە، چونکە فێربوون و بیرهاتنەوە دوو پرۆسەن و پەیوەستن بەیەکەوە، بیرهاتنەوە کاتێك ڕوودەدات، کە لەیادگەدا زانیارییەکان  تۆمارکرابن.((فێربوون گوزارشتە لە درككردنی زانیارییەکان و تۆمارکردنیان و وەرگرتنیان لەیادگەدا، لەکاتی پێویست بهێنرێنەوە بیرو بەکار بهێنرێن، چەمکی زمانی پەروەردەیی لەگەڵ کارو لێکۆلینەوەکانی (بێرنارد سپۆلسکی)[2] لەساڵی (1970) دەستپێکردووە، لەساڵی( 1972 ) بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیە بەکارهاتووە، ئەم زانستە لەبنەرەتدا زانستێکی کارەکییە، مەبەست لێی ئەوەیە، کە منداڵان چۆن فێردەبن؟ چۆن دایك و باوکیش بەشداری ئەم پرۆسەیە دەکەن؟، کە بریتییە لە قاڵبگرتن و مەیینی زمانەوانی و زانستە پەیوەستدارەکان بەزمان و پەروەردەکردنی فەرمی و نافەرمی، زمان ڕایەڵەیەکی گرنگە لەفێربوون و فێرکردندا، وەرگرتنی زمانی دایك بەپێی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە، مرۆڤ دەستی نییە لە وەرگرتنی زماندا، بەڵکو لایەنێکی بایەلۆجی هۆکارێکی سەرەکی وەرگرتنی ئەم زمانەیە، لەپرۆسەی فێربوون و فێرکردندا دەبێت فێرخواز بەهەر ڕێگەیەك بێت فێربکرێت، کە زمان چۆن کاردەکات؟ بەکارهێنانی ئەو زمانەی فێردەکرێت گرنگی خۆی هەیە لەپۆلەکانی خوێندندا، چ لەلای مامۆستا، یان لای فێرخواز، چونکە تێگەیاندن و بەکارهێنانی زمان لەسەرجەم پۆلەکانی خوێندندا بەهایەکی گرنگیان هەیە لە فێربوونی زماندا))(مهاباد كامل عبدالله، 2015، ل178 ). شێوەی گەیاندنی زمانی پەروەردەیی  شێوەیەکی سروشتی گەیاندنی زمانە،بۆیە: ((پێویستە سروشتی زمانی پەروەدەیی زمانێکی دیاریکراو تایبەت بێت، بۆ ئەوە بتوانێت بەباشترین شێوە ئامانجە پەروەدەییەکان بۆ تاك بگوازێتەوە و بەشێوەیەك بێت، کە بتوانرێت نەك تەنها لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەکاربهێنرێت، بەڵکو توانای تێگەیشتنی ناوەرۆکیشی هەبێت، واتە ئەگەرچی زمان بوونێکی فیزیکی هەیە، پێویستە هێزێکی فیزیکی کاریگەریشی هەبێ لە کردە کۆمەڵایەتیەکاندا ))(ڕوخسار نبی مغديد،2017، ل42).

زمانی پەروەردەیی وەکو زانستێك لە گەیاندنی پەیامی پەروەردەیدا ئەرکێکی جێبەجێکارانەی هەیە، بۆیە: ((زمانی پەروەردەیی لەبنەرەتدا زانستێکی کارەکیی جیبەجێکەرانەیە، ئامانج و مەبەستی سەرەکی ئەم زانستە بریتییە لە شیکردنەوەی  ئەوەی، کە منداڵان چۆن فێردەبن و پەروەردەکاران چۆن بەشداری ئەم پرۆسەیە دەکەن؟

ئەم پەیوەستکردنەی زانستی زمانی پەروەردەیی بەزمانی جێبەجێکارانەوە دەگەڕێتەوە بۆ لێکچوونی بۆچوونەکانی (Spolsky )[2] لەگەڵ (Haliday )[3] لەبەرئەوەی هەردووکیان پێیان وابووە،  ئامانجی زمانی پەروەردەیی بریتی نییە لە کارکردن بە ئاراستەی تیۆری زمانەوانی، بەڵکو لەمە زیاترە و بریتییە لە بنەمایی و بەرایی تیۆری زمانەوانی لەپرۆسەی فێربوون و فێرکردندا))(بەکر عومەرعەلی و ئەوانی تر، 2011، ل3). (Spolsky) پێیوایە زانستی پەروەردەیی بریتییە لە قاڵبگرتن و مەیینی زمانەوانی و زانستە پەیوەستەکان بەزمانەوە، لەگەڵ پەروەردەکردنی فەرمیی و نافەرمییانە)،(Hornberger )[4] پێیوایە زانستی زمانی پەروەردەیی، وەك میحرابێکی تاکرەوانە گەشەی کردووە، بەوەی کە خاڵی سەرەتا و دەستپیکردنی هەمیشەیی کارەکییە بۆپرۆسەی پەروەردە،   تێیدا  جەختی ڕاستەوخۆ لەسەر رۆڵی زمانە لەناو پرۆسەی فێربوون و فێرکردن دەکاتەوە. لای(Haliday ) ((زمانی پەروەدەیی بەواتای ئەوە دێت، کە ئێمە بەکاری زمانەوانی پەروەردەیی هەڵبستین))، کە وەك زانستێك رۆڵیکی سەرەکیان لەپڕۆسەی فێربوون و فێرکردندا هەیە، گرنگی و کرۆکی زمان لەپرۆسەی پەروەردەو فیرکردن، تەنها وەکو ئامرازێکی گەیاندن و گۆرینەوەی زانست و زانیاری لەنێوان فێرکارو فێرخوازەکاندا نیە، بەڵکو وەکو مەبەست و ئامانج لە پڕۆسە فێرکاری و پەروەردەییەکاندا، بەڵگە هێنانەوەی بەرایيانە و بنەماييانە بۆ کرۆکی زمان لەپرۆسەی پەروەردەکردندا بە ئەرکی سەرەکی ئەم پرۆسەیە دادەنرێت))(سەرچاوەی پێشوو،ل4).

---

[2] ــ بێرنارد سپۆلسکی،لەساڵی 1932 لە نیوزلەندا لەدایك بووە،لە زانكۆی ڤیكتۆریا  و مۆنتریال لەساڵی 1966خوێندویەتی،کۆمەڵێك کتێبی دەربارەی زمان و پەروەردەو زمانی بەرێوەبردن ....تاد.نوسیوە، جگەلەوش لە بەشی

[3] – haliday:لەسالی لە 13ی ئەبریلی 1925 لە لیدز،شانشینی یەکگرتو لەدایك بوە، لەساڵی 1918 لە استرالیا کۆچی دوایی کردوە، لە زانکۆی پەکین و لەندن خوێندویەتی،ئەندامی ئەکادیمیای ئەوروپی و بەریتانی بوە،پسپۆرێکی وردی لە زمان و فەلسەفە و پەروەردەدا هەبوە،(www.britannica.com).

[4] ــ hornberger،(هۆرنبێرگەر):لەساڵی 1973 ماستەری لە پەروەردەو زماندا لە زانکۆی نیۆرك وەرگرتووە،لەساڵی 1985 دکتۆرای لە بارەی پەروەردەو زمان وەرگرتوە،سەرنوسەری ئەنترۆپۆلۆژیای نێودەوڵەتی و پەروەردە بوە،لەساڵی 1995 هاوسەرنوسەری زنجیرەی کتێبی نێودەوڵەتی لەسەر دوو زمانی و فرە زمانی مادەکان بووە،وەرگری خەڵاتی پسپۆری بووە بۆ(پاراگوای 2001،نیوزلەندە2002،ئفریقای باشور2008.خەڵاتی (چارلس ئەی فێرگسۆن) لە خوێندنی نایاب لە لە 2019 وەرگرتوە.(www.ges.upenn.edu).

**2.1.2 بوارەکانی زمان و پەروەردە :**

"زمانی پەروەردەیی " هەڵگری کۆمەڵە پەیامێکی پەروەردەیییە، لەم نێوەندەدا ،بوارەکانی زمان و پەروەردە لەگەیاندن و ئاڕاستەکردنی ئەم پەیامەدا دەبینرێن، وەك:

 ((1. فێربوونی زمانی یەکەم(زمانی دایك): کاتێك منداڵ فێری زمانی ماڵەوە دەبێت واتە زمانی دایك، لەم حاڵەتەشدا هەندێ جار دوو زمان پێکەوە فێربێت،بەتایبەتی کەدایك و باوکی ئەومنداڵە دوو زمانی جیاوازیان هەبێت و بەکاری بهێنن،

2. فێربوونی زمانی زیادە: ئەمەش  دەبێتە دووبەش: فێربوونی زمانی دووەم کاتێ کەسێك زمانێکی تر فێردەبێت، کەزمانی فەرمی ناوچەکەیە، یان زمانی زۆربنەی خەڵکە و لەو زمانەش جیاوازە، کە لەماڵەوە فێری بووە، فێربوونی زمانی بێگانە کاتێك  کەسێك زمانی وڵاتێکی تر فێردەبێت، یان دەخوێنێت.

3. زمانەوانی کلینیکی: بریتییە لە دیراسە کردن و چارەسەرکردنی کێشە و کەم و کورییە بۆماوەیییەکان، یان ئەو کێشانەی بەهۆی ڕوداوەوە ڕوویاندابێت.

4. ئەزمونەکانی زمان: بریتییە لە هەڵسەنگاندنی توانستی زمانیی کەسێکی دیاریکراو لە زمانی یەکەم، یان زمانە زیادەکان بۆمەبەستە تایبەتی و گشتی یەکان ))(هیمداد عبدولقادرمحمد، 2008 ، ل 138 ).

**بەشی سێیەم :**

**1.3 ) ڕۆڵی زمان لەبواری پەروەردەدا:**

زمان هەڵگری پەیامی گەیاندن و ئاشناکردنی مرۆڤە بە زانیاریەکانی بیر، بۆیە، زمان بەگرینگترین هۆیەکانی گەیاندنی بیر دادەنرێت، بەدرێژایی مێژوو کاریگەرترین ڕێگەی گواستنەوەی بیر بووە، منداڵ لە سەرەتای ژیانکردندا بەکاریدەهێنێ، ((لەهەرقۆناغێکی ژیانی مرۆڤایەتیشدا پەروەردە یەکێك بووە لە بنەماکانی ژیان، پرۆسەیەکی بەردەوام بووە، پەروەردەو فێرکردن لەگەڵ مێژووی مرۆڤەوە دەستپێدەکات و بەردەوامیشە تاکو مردن، بەو پێیە دەوترێت پەروەردە واتە ژیان لەهەموو لایەکەوە، ئەمەش بەشی زۆری لەڕێگەی زمانەوە دەبێت، هەرچەندە هەندێجار هێمای نازمانی و تاقیکردنەوەکانیش ڕۆڵیان دەبێت لەپرۆسەی فێرکردن و ڕۆڵی زمانی پەروەردە لەگەشەکردنی تواناو بەهرەی زمان لای منداڵ، زمانی پەروەردەش خۆی لەم چوارچێوەیەدا دەبینێتەوە، لەم بوارەشدا  هەردوو جۆری زمانی نووسین و قسەکردن بەکاردێت، زمانی نووسین کاراتر ئەم ڕۆڵە دەبینێت))(شیروان حسێن حمد، 2013،ل316). پرۆسەی فێربوون و فێرکردن جێگەی دیاری زمان وپەروەردەیە، کە ڕۆڵی دیارو بەرچاویان لە گەیاندنی زانیاریەکان و ئاڕاستەکردنی تاکدا هەیە،((زمان لەپەروەردەدا ئەرکی دیاریکردن و پەسەندکردنی پرۆسەکانی فێربوون و فێرکردنی زمانە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە ڕۆڵی زمان لە پرۆسەکانی پەروەردەو فێربوون و فیرکردن دەستنیشان دەکات، چۆنیەتی و بنەماو بنەرەتەکانی پەسەند دەکات و دەخاتەڕو، زمان لەپەیوەندیگرتنداو شوێن و پێگەی زمان وەك بەرهەمهێنەری کەلتوری و گروپە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ پشکنین و پەسندکردنی چۆنیەتی کارلێککردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری لەسەرزمان و تاقیکردنەوە دروستەکانی زمان و ڕۆڵیان لەپرۆسەی پەیوەندیگرتندا دەبێت، ئەمانە لەناواخنیاندا  نەخشەی پەیکەرێکی پراوپڕو تەواوکارانەی کۆزانیارییە لە زمانی پەروەردەییدا))(هەوار عومەرفەقێ، 2015 ، ل52).

**2.3 ) تێڕوانینی پەروەردە بۆ فێربوونی زمان:**

هەرلەکۆنەوە بەپێی خوێندنەوەو تێکەڵ بوونی بیروڕای زانایانی بواری پەروەردەو زمان، جۆرە بۆچوون و سەرەنجێکی جیاواز سەری هەڵداوە، هەربەکەیان بەپێی میتۆدی سەردەم و ڕۆژگاری خۆیان و تێڕوانیان سەربارەت بە زمان هەبووە، چونکە بواری پەروەردەو فێرکردن بوارێکی فراوانە، مەودایەکی فراوانیش لە بیروبۆچون و قسەکردن هەڵدەگرێت، بەپێی ئەوەی، کە زمان هەرلەکاتی دایك بوونەوە هاوشان و هاوتەریی مرۆڤ بووە، پەروەردەش شان بەشانی ئەو ڕۆڵی لەگەیاندن و بەپانتایی کردنی پەروەردەدا هەبووە، بەدرێژای مێژوو سەرنج وتێڕوانینی جیاواز هەبووە.

**1.2.3) پەروەردەی کۆن :**

ئەم سیستەمە کۆنەیە، کە بەدرێژای مێژووی ڕابردوو لەبواری فێرکردندا گیراوەتەبەر، پەروەرەیەی کۆن دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی شارستانییەتی چینییەکان، ئەرکی پەروەردەکردن لای چینییەکان بریتی بوو لەدووبارەکردنەوەو لاساییکردنەوەی زانیارییەکان و بەردەوامبوون لەسەر داب ونەریتی خۆیان، تاکو ساڵی (٥٥١ - ٤٧٨) پێش زایینی، چەمکێکی نوێ دروستبوو لەپەروەردەی چینی، ئەویش توێژینەوە لەسەر پێداویستییەکانی ژیان ورێنمایی ویاسا وئەخلاق و داب ونەریتی نوێ. میسرە کۆنەکانیش پێیان وابوو، کە زانین و مەعریفە، ڕێگایەکە بۆ بەدەستهێنانی سامان و شکۆ و گرنگیدان دان بەماموستا و خوێندنی پیشکەوتوو بۆنەوەی فیرعەونەکان و چینی یەکەم. لای یۆنانی و ڕۆمانییەکانیش، پەروەردە بەروحی نوێکردنەوەو نوێخوازی و ئازادی تاکەکەسی وقبوڵکردن بوو، ئامانج لای یۆنانییەکان بریتی بوو لەوەی مرۆڤ بگاتە ژیانێکی خۆش، یۆنانییەکان بەنەتەوەی یەکەم دادەنرێن لەئاراستەکردنی پەروەوردە لەگۆشەی فەلسەفییەوە. لای عەرەبە کۆنەکانیش بەستنەوەی پەروەردە بەکاروباری ڕۆژانە بوو، هەروەها بریتی بووگەشەکردن و بڵاوکردنەوەی ئازایەتی و وەفاداری. لە پەروەردەی کۆن وادیراسەی زمان و پەروەردە کراوە، کە ماددەیەکە بۆخوێندن و زانستێکە وەکو زانستەکانی تر، لەبەر خودی خۆی دەخوێنرێت، مەبەستیش ئەوەیە کە هۆکاری سەرەکی نییە، بەمەش بەشێکی زۆر لە ئەرکەکانی زمان پشتگوێ خران و ڕۆڵی خۆیان پێنەدرا، ئەم تێڕوانینە زۆر کۆن و تەقلیدییە بۆ زمان، چەند هەڵەیەکی جیاجیای لێکەوتەوە، هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ پرۆگرام و بەرنامەی خوێندنی زمانەکە، ((هەندێکی تریان بۆ ڕێگەو چۆنیەتی خوێندنگەکەو هەندێکیشیان بۆئەو تێڕوانینەی، کە لە مەبەستی خوێندنەکە و بەرنامەی خوێندنەکەدا هەیە، لەوانە:

 1. زیاد لەپێویست گرنگیدان بەسامانی وشە لە زمان و زیادە ڕەوی لەزاراوەی وشە، کە قوتابیان تەنیا دەرخیان دەکرد، بێ ئەوەی لەنوسین و ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکاربهێنن.

2. هەروەها ئەوجۆرە بەرنامە خوێندنە شێوازی زمانەوانی جیاجیای لەخۆ گرتبوو، بەجۆرێك لەگەڵ زمانی ژیانی سەردەم ناگونجێ، شێوازێکی زمانی تێدا بەکار دەهات زۆر نامۆبوو بە  ژیانی سەردەم، قوتابی ناچار دەکرا ئەو زاراوەو وشەو ڕستە نامۆیانە لەبەربکات، کەئەمەش دەبووە هۆی بێزاری قوتابیان لە بەرنامەی خوێندن و فێربوونی زمان(لوقمان ڕەوف، 2005، ل 31). پەروەردەی کۆن لەسەر بنەمای دەسەڵات و قبوڵکردنی هەرشتێك، کە

له فێرکارێکی تەواو پێگەیشتوو گەورەدا دەردەچێت، بانگەشەی ئەو سەربەخۆییە دەکات، کەدەوستێتە سەرباسای کەسی بۆتاك، ئەمە لەسەر بنەمای دەسەڵات بنیاتنراوە، کاریگەر نابێت ئەگەر بێتو بەویستی کەسەکان هەڵنەبژێردرابێت و رێزی لێ نەگیرابێت، ببێتە هۆی فەرامۆشکردنی لایەنی مەعریفی و رۆڵ و ئاراستەی ویژدانی)) (نارمین نابلس،2010، ل2 ). دەتوانین بلێین پەروەردەی کۆن بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان:

١_ زیاتر گرنگی دەدات بەبابەتە رۆشبیرییە کۆنەکان دەدات ودەیکات بەبنەمای کرداری فێرکردن.

٢_ گرنگیدان بەدوبارەکردنەوەی زانیارییەکان بەمەبەستی لەبەرکردنیان وشێوازو رێگەی گوتنەوە بەبێ تەرکیزخستنە سەر ناوەرۆکی زانیاررییەکان.

٣_ پابەندکردنی فێرخوازان و ئامادەبوونیان لەناوەندە پەروەردەییەکان.

٤_ پابەندبوونی فیرکاران بە ناوەرۆکی کتێبەکان و ئەودەقانەی تێیاندا هاتووە.

٥_ سنوردارکردنی پەیوەندی نێوان ناوەندە پەروەردەییەکان، لەگەڵ فێرخوازان وبابەتە فێرکارییەکان.

٦_ رۆڵی پەروەردەکاران ،تەنها گواستنەوەی زانیارییەکانە، بەبێ نوێگەری، گرنگی نەدان بەزمانی بیانی و زمانی دەوڵەت کاری لەپێشینەیانە.

٧_ جاودێری نەکردن و گرنگی نەدان بە جیاوازی تاکایەتی، لەنیوان فێرخوازاندا.

٨_ جگەلەوەی کە قوتابخانەو ناوندە فێرکارییەکان سەرچاوەی یەکەمی فێرکردنن، پیداویستییەکانی فێرکردنیش جێگیرو نەگۆڕن.(اسما، شاکر، ٢٠٢٠، ل١)

**2.2.3 ) پەروەردەی نوێ :**

لەکۆتاییەکانی سەدەی پانزەهەمدا، دوای ئەوەی نەتەوەکان لەئەوروپا دەرکەوتن و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراند، کەوتنەگرنگیدان بەبواری پەروەردە و تا سەدەی نۆزدەهەم پەروەردە بوە بابەتی سەرەکی و رەنگدانەوە لەلایەن فەیلەسوفەکان، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەبارەی پەروەردە دەرکەوتن و فەیلەسوفە ئینگلیزەکان رۆڵی سەرەکیان لەپێشکەوتنی بیری پەروەردەدا هەبوو،گرنگیدانیان بە ئەزموونی تاقیکردنەوەیی ورد و شێوازی خوێندنەوەی ورد دەدا. ئەڵمانییەکانیش زیاتر گرنگییان بە پەروەردەی نەتەوەیی وپەروەردەی ئایینی لەقوتابخانەکان و کلێساکان دەدا. پەیڕەویکردنی نوێترین بەرنامە و پرۆگرام لەگەڵ نەوەی نوێ و سەردەم و ئاراستەی پێشکەوتندا بگونجێت، لەروانگەی پەروەردە و بەرنامەی خوێندن لەسەر شێوازی نوێ، کەخوێندنی زمان بەهۆکار دادەنرێت. نەك ئامانج و مەبەست، لەوانە:

یەکەم: وای دادەنێت کە زمان و زمانەوانی هۆکارێکە، سوود بەتاکەکانی کۆمەڵ دەگەیەنێ، لەبارەی تێگەیشتن لەبوارە رۆشنبیرییەکان.

دووەم: زمان ئامێرێکی کۆمەڵایەتییە، لەرێگەی ئەوەوە تاکەکانی کۆمەڵ دەتوانن پەیوەندی بەکەسانی دیکەوە بکەن و لەیەك بگەن و هەستی خۆیان دەربڕن، کەئەم بیرۆکەیەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو شتی سەرەکی:

1.زمان هۆکارێکی گەیاندن و کۆمەڵایەتییە، بۆ لێکتێگەیشتن و گفتوگۆکردن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ.

2. ئەو ماددەیەی پێویستە بخوێنرێ، دەبێت لەسەر بنەمای گرنگیی و کاریگەری لە ژیان و هەستکردن بە فێربوونی زانیاری بێت(سەرچاوەی پێشوو، 2005، ل32) لەسیستەمی مۆدێرنی پەروەردەدا، فێرخواز تەوەری یەکەم و سەرەکییەو کۆی سیاسەتی پەروەردەیی و لەنێوانیدا ئامانجە گشتی و تایبەتیەکانی پەروەردە بۆ ئەوە دارێژراون، کە تاك بکەن بەو کەسەی هەرچی تواناو هێزی ون و حەشاردراوی نێوخودی هەیە، بیانهێنێتە بواری واقیع و بەرجەستە کردن، پەروەردەی نوێ فێربوون بەبەشێك لەپەروەردە دادەنێت، ((ئامانجی سەرەکی فێرگەکانیش بریتییە لە پەروەردەکردن، لەهەموو لایەنەکانی رۆحی و ئاوەزی و ویژدانی، بەوەی کە سەرکەوتن بهێنێتە دی لەمیانەی لەخۆگرتنی روحی سەرکێشی و داهێنان و پێشەنگی، لەتایبەتمەندیەکانی پەروەدەی نوێ لەنێو فێرگەکاندا، پەرەپێدانی کەسایەتی و گونجاندنی کەشێکی لەبار، کەراستەوخۆ پەیوەندی بەسروشتەوە هەبێت. درێژکردنەوەی پەروەردە لە ژینگەیەکی سروشتی نێوان بەرهەڵستی کارەکان و دۆزینەوەی زانیاریە نوێیەکاندا، پەوەروەردەی نوێ ئەوەی پشت راستکردۆتەوە، کە فێرخواز ناوەندە لەکرداری پەروەردەو فێرکردندا ))(نارمین نابلس، 2010،ل 2) دەکرێت بلێین .پەروەردەی نوێ:

1-گرنگی دەدات بەتەواوی بابەتە رۆشبیرییە سەردەمییەکان دەدات هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات و دەیانکات بەبنەمای کرداری فێرکردن.

٢_ خۆدوورخستنەوە لە دوبارەکردنەوەی زانیارییەکان و لەبەرکردنیان بەبێ تەرکیزخستنە سەر ناوەرۆکی زانیارییەکان و تێگەیشتن و جێبەجێکردن دەکاتە پیوەری سەرەکی.

٣_ سەرپشکردنی فێرخوازان و ئارەزوومەندکردنیان بۆ بەشداربوون لەناوەندە پەروەردەییەکان.

٤_ فیرکاران سەرپشکن لە دەرخستنی زانیاری زیاترو خۆنەبەستنەوەیان بە ناوەرۆکی کتێبەکان و ئەودەقانەی تێیاندا هاتووە.

٥_ پەیوەندی نێوان ناوەندە پەروەردەییەکان، لەگەڵ فێرخوازان وبابەتە فێرکارییەکان، پەیوەندییەکی هەمەلایەنە، فێرخوازان سەرپشکن بۆبەشدارکردنیانلەهەرناوندێکی فێرکردندا.

٦_ رۆڵی پەروەردەکاران ،تەنها گواستنەوەی زانیارییەکان نییە،، دەتوانن نوێگەری تێدابکەن و گرنگی بەزمانی بیانی بدەن.

٧_ جیاوازی تاکایەتی، لەنیوان فێرخوازاندا، کاری لەپێشینەی پەروەردەی نوێیە.

٨_ گەران بەدوای سەرچاوە نوێیەکان و پەیرەوکردنی کەرستە نوێیەکان لەکرداری فێرکردندا.(اسما شاکر، ٢٠٢٠، ل١)

**ئەنجام**

١. پەروەردە بەپێی تێروانین وتێگەیشتنی سەردەمە جیاوازەکان ،کۆمەڵێک دەستەواژە زانیاری بەپێی رۆژگاری خۆی خستۆتەرو .

٢_ پەروەردەی کۆن مێژوویەکی دورودرێژی هەیە، لەگرنگیدان بەداب و نەریتە کۆمەلایەتییەکان.

٣_ بوونی بابەتە جیاوازیەکانی نێو پەروەردە و گرنگی پێدانیان بەپێی سەردەمە جیاوازەکان.

٤_ بەرفراوانی ئامانجی پەروەردەو خۆگونجاندن لەگەل کەلتوری مرۆڤدا.

٥_ پەروەردە وەک فاکتەرێکی گرنگ لەدەرەوەی بابەتی خوێندن و قوتابخانە بەکارهاتووە،

٦. پەیوەندی نێوان زمان وپەروەردە، پەیوەندییەکی پتەو بەهێزە، یەکانگیری یەکترن و هەمیشە لە پەیوەندیەکی بەهێزدان.

٧. زمان لەپرۆسەی فێرکردنی پەروەردەی کۆندا ،زیاد لەپێویست گرنگی بە فەرهەنگی وشەو سامانی وشە و بەرجەستەکردن بونی لەنێو زمان دەدات

٨. زمان لە پرۆسەی فێرکردنی پەروەردەی نوێدا بەپێی پلانی رۆژگارو سەردەمی خۆی هەڵگری ئامانج و مەبەستی شێوازی نوێیە.

**لیستی سەرچاوەکان**


یەکەم، هەولێر. 2004 **یەکەم : کتێبەکان بەزمانی کوردی :**

١. بەکر عومەر عەلی و ئەوانی تر ، فێربوون و فێرکردن لەڕوانگەی زانستی پەروەردەییەوە، 2011.

٢. تالیب حسین علی، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلآت، هەولێر، 2014.

٣. حاجی عبدولرحمان حاجی ، بەکارهێنانی زمان، زانکۆی س

١ . ڕوخسار نبی مغدید، بەهاکۆمەڵایەتییەکان لەپرۆگرامی خوێندنی کوردی لەڕوانگەوۆران، فاکەلتی پەروەردە ،2020.

٤. سمعیع ابومغلی، شێوازەنوێیەکانی گوتنەوی زمان، وەرگێڕانی :ئیبراهیم قادر محمد، چاپی یەکەم، هەولێر. 2008.

٥. شێروان حسین حمد، گەشەکردنی زمانی منداڵ بەپێی قۆناغەکانی خوێندن، کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر ، 2013.

٦. شهاب طیب تاهیر ،شێروان حسین حمد، زمانی پرۆگرامەکانی خوێندن و ستانداردکردنی زمان، مجلة جامعة کرکوك، المجلد 8 ، العدد، 2 ، 2013.

٧. لوقمان رەئوف، شێوازو رێگاکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2005

٨. محسین ئەحمەد عومەر، ئیبراهیم زێباری، دەروازەیەك بۆزمانناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2013.

٩. محمد معروف فتاح ، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم ، هەولێر ،2010.

١٠. محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر، 2011.

١١. وریا عمرئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ،دەزگای ئاراس ،بەرگی یەکەم، چاپی

**دووەم: نامە ئەکادیمیەکان** ی بۆچوونی هۆشەکییەوە، نامەی ماستەر، فاکەڵتی ئاداب ، زانکۆی سۆران، 2017.

٢. سادق ئەحمەد عوسمان، ڕێزمانی کوردی لەنێوان پرۆگرامی کۆن و نوێدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحدین، هەولێر، 2014.

٣ . سروە فیصل عزیز، بنەمای هاریکاری لە چوارچێوەی نواندنی کوردیدا، نامەی ماستەر،کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین ، 2010.

٤. هەوارعومەر فەقێ ئەمین، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لەپرۆگرامی خوێندندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی،2015 .

**سێیەم: گۆڤارەکان:**

١. تالیب حسین عەلی ، شێوازوزمان، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە 40، هەولێر، 2008.

٢. عەتا رشید حسین ، شنۆ محمد محمود، بونیادی زمان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە 5، 2015.

٣. محمد عبدالفتاحمە سەعید، فەرهەنگی رێزمان لەلێکۆڵینەوەی وێژەیدا،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە 50، بەشی ب، 2016.

٤. مهاباد کامل عبداللە، زمانی دایك لەسیستەمی پەروەردەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە 2، 2015.

٥. هیمداد عبدوالقهار محمد، مێشك و زمان، گۆڤاری رامان، ژمارە 122، 2007.

**چوارەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

١. ابرهیم سند احمد ابراهیم، اللغة بین الاستعمال والتواصل فی اللسانیات التداولیة، مجلة الزهراء، الجزء الثانی، العدد الثلاثون، جامعة المنیا، مصر ، 2020.

٢ . ابوالفتح عثمان جنی الموصلی، الخصائص، الطبعة الرابعة، جزءالاول، مصر ، 1952.

٣_ اسما شاکر، (مقارنه بین التعلیم والتربیه التقلیدیه والحدیث)،٢٠٢٠.

٤. جمعه سید یوسف، سایکولوجیة اللغة والمرض العقلی، سلسیلةکتب ثقافیة شهریة یصدرها المجلس الوطنی للثقافة والفنون والادب . الکویت،1990.

٥. عبدالهادی ظافری الشهیری، استراتیجیات الخطاب . مقاربة لغویة تداولیة، الطبعة الاولی، دار الکتب الوطنیة، بنغازی . لیبیا، 2004.

٦. نارمین نابلس ، التربیة الحدیثة و التقلیدیة، طرابلس، جامعة الجنان، 2010.

**پێنجەم : سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی:**

١. journal,home page ، The Description of Lnguage use ، 1966 ، coast , william ,A

**شەشەم : ماڵپەری ئەلیکترۆنی:**

١_ chicago press , usage Languag ،ejournal، 2010


# دور اللُّغة في مجالِ التَّربية


المستخلص:

هذه الدراسة بعنوان (دور و تأثیر اللغة في مجال التعلیم) تحاول اظهار دوراللغة وأهمیتها في عملیة التعلیم الحالیة و القدیمة. اللغة هي عملیة مهمة وقیمة في جمیع مجالات الحیاة البشریة، وهي احدى من الطرق المهمة للتواصل و لذلك اللغة هي موضوعة حساسة في هذا المجال ولها دورها وأهمیتها الخاصة. التربیة و التعلیم یجعل اللغة جزءا مهما لایصال و نقل عملیة التربیة و مکوناتها المختلفة في عملیات التعبیر والتعلیم، في عملیة التعلیم قدیما و حدیثا. اللغة هي سبب في توجیه و إیصال الرسالة التعلیمیة، التي أصبحت جزءا هاما من التوجه التعلیمي. کما یظهر هذا الاتجاه في اللغة وعملیة التواصل التعلیمي، ویلعب التعلیم دورا کبیرا في تطویر و تنمیة وإظهار القدرات اللغویة وتقدیمها للقارئ، وبالتالي الکشف عن العلاقة بین اللغة والتعلیم، في تقدیم جمیع المعلومات المعرفیة واللغة وعملیات التعلیم. وللغة دور بارز في جمیع جوانب المجتمع المختلفة ولها نتائج هامة باعتبارها اساسیة و جوهریة وسببا رئیسیا للعملیات التعلیم